# ئەگەر هەریەکێکتان چوو بۆ لای خێزانی، ئەگەر ویستی دووبارەی بکاتەوە؛ ئەوا با دەستنوێژ بگرێت لە نێوانیان

له ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر هەریەکێکتان چوو بۆ لای خێزانی، ئەگەر ویستی دووبارەی بکاتەوە؛ ئەوا با دەستنوێژ بگرێت لە نێوانیان». وله گێڕانەوەی (الحاكم)دا: «چونكە ئەمە (ئەم دەستنوێژگرتنە) دەبێتە هۆی هێنانی وزە وچالاكی زیاتر لە جاری دووەمدا».

[صەحیحە] [حاكم گێڕاویەتیەوە - موسلیم گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە ڕێنماییەکە لە لایەن پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت دووبارە بچێتەوە بۆ لای هاوسەرەکەی بۆ جیماع کردن، کە دەفەرموێت: (ئەگەر هەریەکێکتان چوو بۆ لای خێزانی، ئەگەر ویستی دووبارەی بکاتەوە): واتا ئەگەر پیاوێک جیماعی کرد لەگەڵ خێزانەکەی، وپاشان ویستی جاری دووەم یان سێیەم جیماع بکات. وڕێنموێنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەیە کە دەفەرموێت: (ئەوا با دەستنوێژ بگرێت لە نێوانیان): واتا پاش جیماعی یەکەم وپێش جیماعی دووەم، ومەبەست لە دەستنوێژگرتن لێرەدا؛ هاوشێوەی دەستنوێژگرتنە بۆ نوێژکردن چونکە ئەگەر دەستەواژەی دەستنوێژگرتن بەکارهێنرا بنچینە ئەوەیە مەبەست لێی دەستنوێژگرتنی شەرعییە بۆ نوێژکردن، وله گێڕانەوەیەکی تردا کە لە (ابن خزيمة) و (البيهقي) هاتووە، کە -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: (فتوضأ وضوءك للصلاة) واتە: (هاوشێوەی دەستنوێژگرتن بۆ نوێژکردن؛ دەستنوێژ بگرە)، وئەم دەستنوێژگرتنە سونەتە (موستەحەبە).



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee